# جەماوەر دەستپێشخەرو هاندەری گۆڕانکارییەکانن

**بەشداربووانی تەوەری ئابووری ئەمجارەی گوڵان دوو شارەزای بواری ئابوورین، کە باس لە ئەزموونی گۆڕانکاری و ریفۆرمی حکومەتەکانیان دەکەن, هاوکات بەمەبەستی وەرگرتنی پێشنیار و بۆ چوونەکان, کەچی بکرێت بۆ ئەوەی کۆمپانیا ناوخۆییەکان بەرووی دەرەوە بکرێنەوە..**

*** ئێلینا ڤلادیمێر کۆکەر شارەزای ئابووری وزە و بەڕێوەبردنی**
*** دکتۆر ستیڤن گارمۆ Steven Garmo شارەزای بواری کۆچ و سەرمایە گوزاری لەئەمەریکا چۆنیەتی وەرگرتنی قەرزی دەرەکی...**



پەرەپێدانی ئابووری کە بنەمایەکی سەرەکی گۆڕانکاری و بەرەو پرۆسەی ریفۆرمە، بە ئامانج و ویستێکی جەماوەر دادەنرێت، لەم پرۆسەیەدا دەسەڵات و دەستەبژێری فەرمانڕەوا سەرجەم توانا و کەرتەکان بە ئاراستەیەکدا دەبەن، کە لە چەقبەستووی پووکانەوە و سستبوون دەربازیان بکەن، ئەو پووکانەوەیەی لە ئاکامی گرفت و قەیرانە ئابوورییەکان سەرهەڵدەدات و، تێیدا گەندەڵی باڵ بە سەر کۆمەڵگا و دەسەڵاتدا دەکێشێت.

ریفۆرمی ئابووری بێ چارەسەرکردنی گەندەڵی و دەرد و پەتاکانی تری ناو کۆمەڵگا سەرناکەوێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا جەماوەر پێشڕەو و بزوێنەری گۆڕانکارییە و حوکمڕانی بەرکێش دەکەن، بەوەی ناچار بێت روو بکاتە ئەو گۆڕانکاری و ریفۆرمە یاخود حوکمڕانی باش کۆمەڵگا بەرەو ئەو ئاقارە دەبات؟ کە پێی دەوترێت وەرچەرخان و دواتر گۆڕانکاری ریشەیی.

لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگا و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جێبەجێکردنی پرۆسەکە گۆڕانکاری لەخۆ دەگرێت، ئەوەی ئێمە زیاتر تیشکی دەخەینە سەر ئەو ئەزموونانەیە کە بوونەتە هۆی گۆڕانکاری خێرا و گەورە، بە هاوشێوەی پڵنگەکانی ئاسیا و کۆریای باشوور و ئیتاڵیا و هەندێك لە وڵاتانی بلۆکی سۆشیالیستی پێشوو لە ئەوروپای رۆژهەڵات، لەم ژمارەیەشدا تیشك دەخەینە سەر ئەو گۆڕانکارییە پێشکەوتوویەی کە یەکێتی سۆڤێتی پێشوو بەخۆیەوە بینی، گرنگی ئەم گۆڕانکارییە لە شێوازی حوکم و سیستەمی بەڕێوەچوونی وڵات لەوەدا بوو کە خودی جەماوەر هاندەری گۆڕانکارییەکە بوو، واتە زۆر لە شارەزایانی روسی پێیان وایە میللەت بزوێنەری ئەو گۆڕانکارییە بوو کە غۆرباتشۆف لە ژێر فشار و پاڵەپەستۆ و ویستی ئەواندا جێبەجێی کرد، بەڵام گەیشتن بە هەموو ئومێد و مەبەستێك هەڵبەتە بە قۆناغێکدا تێپەڕدەبێت، کە پێی دەوترێت قۆناغی ئینتقالی، لەم قۆناغەشدا هەندێك گرفت و کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدات، کە زۆر لە ئابووریناسان و شارەزایانی ئابووری پێیان وایە ئەو باجەیە کە پێویستە بدرێت لەپێناو گەیشتن بە خۆشگوزەرانی و گەشەکردن.

لەم تەوەردا ئەزموونی زۆر وڵاتانی تر باس دەکەین کە توانیویانە لە رێگای کۆمپانیا گەورەکانەوە دەزگا و کۆمەڵگاکانیان واڵاکەن بەرامبەر بە وڵاتانی پێشکەوتووی خۆشگوزەران، ئەم کۆمپانیانە هەر لە خۆیەوە سەریان هەڵنەداوە، بەڵکو سەرەتا بە یارمەتی دارایی و هاوکاری رێکخراوە جیهانییەکان و بانکەکان بوونە خاوەنی سەرمایەی گەورە، کۆمپانیا کوردییەکان دەتوانن بە هاوشێوەی ئەمان هەوڵی کردنەوەی نووسینگە و لقەکانیان بدەن، لە وڵاتانی پێشکەوتوو بە تایبەت لە ئەمەریکادا بەمەش لە دەروازە داخراو و سنوورە پۆڵاینەکانی دەوروپشتی کوردستان دەربازیان دەبێت و بە کرانەوەی خۆشیان کۆمەڵگا و کوردستان کرانەوەی بێ وێنە بە خۆیەوە دەبینێ.

باسکردن و گفتگۆکردن لەسەر ئەزموون و کارو بەرنامەی پڵنگەکانی ئاسیا و کۆریا و وڵاتانی پێشکەوتووی تری دنیا، کە ئێمەی کوردیش لەو وڵاتانە کەمتر نین و خاوەنی توانای مرۆیی و دارایی و سەرچاوەی سامانی سروشتی واین کە پاڵشتی هەموو ریفۆرم و گۆڕانکارییەکە کە نزامی حوکم پێ هەڵدەستێت.


ئێلینا ڤلادیمێر


دکتۆر ستیڤن گارمۆ
Steven Garmo

# روسیای فیدرال

## له روسیا جەماوەر پێشەنگی پرۆسەی گۆڕانکاری و وەرچەخان بوون

له روسیای فیدرال جەماوەر پێشەنگی پرۆسەی گۆڕانکاری و وەرچەخان بوون، ئەمەش باڵی بەحکومەت و دەسەڵاتەوە نا لەگەڵ حەز و ویستی جەماوەر دابن و دەست بە کرانەوە و بە جیهانبوونی روسیا بکەن, سەرەتا گۆڕانکاری کارێکی زەحمەت بوو بە تایبەت لەلای کەسانێك کە سەر بە ئایدۆلۆژییەت و بیرو بۆچوونی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو بوون, بەڵام دوای ماوەیەك گونجان لەگەڵ واقیعی نوێ, بۆیە گۆڕانکاری ماوەیەکی دەوێت و بە قۆناغی ئینتقالی دا تێپەر دەبێت.

لە روسیای فیدرال نوخبەی دەسەڵات زۆر بڕوایان بەوە هەیە, کە ئەوان لەم ئەزموونەی بە تایبەتکردن و گەشەی سەرمایەداری سەر دەکەون، چونکە ئابووری روسیا دەوڵەمەندە و خاوەنی جەماوەرێکن کە پاڵپشتی گۆڕانکارییە..

●●●

**بەبێ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی مومکین نییە ریفۆرمی ئابووری ئەنجام بدرێت**

●●●

**لەدوای رووخانی یەکێتی سۆفێتی پێشوو، کرانەوەی روسیا بە رووی جیهان، مافیای گەندەڵی لە مەترسیدارترین ئاستەنگەکانی بەردەم ریفۆرمی ئابووری بوو**





●●●

**حکومەتی روسیا بەبێ هاوکاری و یارمەتی رۆژئاوا لە توانایدا نەبوو درێژە بە پرۆسەی بەتایبەتکردن و کرانەوە بە رووی دەرەوە بدات**

●●●